کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:36 14-6-2007

## لەیلا فەریقی و دیمانەکەی خەبات ... محەمەد شکاک

هونەرمەندی بەتواناو دەنگ خۆش لەیلا فەریقی لەخێزانێکی هونەر پەروەروو بەهرەمەند لەدایك بووە






بەڵام بەهۆی پێك گەیشتنی خراپ لەگەڵ هەندێ هونەرمەندان خەریکە ئەوەی هەی بوو ئەوەی کردیشی لەدەستی دەدات واسەبرە سەبرە بەهرە سروشتی و یەزدانیەکەی بەرەو دۆڵی هەڵدێران و مەرگ دەبات. پەلە کردن لەکاری هونەری خۆهەڵواسین بەبەرهەمی بێ بنەماو دوور لەهەستی کوردی و دوور لەئاوازی کوردی لەیلا بەرەو کوژانەوە دەبات تادێت بیسەر لەخۆی دەتۆرێنێ. گریمان لەیلا ئەم کارانە بۆ پارە دەکات بەڵام ئایا دەبێت ئەوەندە بێ هۆشبێت کەنەزانێت بەهۆی ئەم ئاوازە پینەو پەڕۆیانەی کاك هەڵکەوت زاهیر نەبەرەو لوتکە دەڕوات و نەدەشبێت بە سەفیری گۆرانی کوردی. من لەوەتێناگەم چۆن دەبێت لەیلا فەریقی خۆی زەلیلی ئەم ئاوازە عەربیانەی هەڵکەوت زاهیر بکات کەلەکەوتنی هونەرمەندوو هونەرەکەی هیچی تر ناگەیەنێ. بێگومان چگە لەووردە وارەکانی نێوانیان نەبێت ئەمیش وەك دەڵێن (ئەلاهوو یەعلەم) واتە هەر یەزدان دەزانێ. خوێنەری ئازیز بەڕاستی من خۆم بە خوێنەرێکی هاوڕێ و هاودەمی ڕۆژنامەی خەبات دەزانم بەڵام هەتا زێدەتر ئەم ڕۆژنامەیە دەخوێنمەوە زێدەتر گەندەڵی رۆژنامەونی و ڕۆژنامە نووسانی کوردستانم بۆ ئاشکرادەبێت کەلەچی ئاستێکی نزموو بێ بەرپرسیاری ووشە دەفرۆشن و بازرگانی بە ناوی هونەرمەندانەوە دەکەن. لەوانەیە ئێوەی خوێنەریش بڵێن بۆ یاخود بڵێن چۆن. دەبفەرموون لەگەڵ ئەم دیمانەیەی لە ڕۆژی بیستوو پێنجی مانگی پێنج لەڕۆژنامەی خەبات لە لاپەڕەی کولتوور واتە لاپەڕەی ژمارە هەشت لەگەڵ هونەرمەند لەیلا فەریقی ئەنجام دراوە. ئەنجام دانی دیمانە لەلایەن بەڕیز هێمن ئاری. بگومان ئەم ڕۆژنامەوانە بیستوو دووپرسیاری لە لەیلا ی هونەرمەند کردووە ئەرکی من تەنها ئەوەیە چەند پرسیارێکی بخەمە شوێنی گومانەوە. سەبارەت بە لەیلا فەریقیش خودی هونەرهەند بەرنگاری وەڵامەکانی خۆی بکەمەوە کەتاچی پلەیەك ڕاستیان نەپێکاوە.

بەڕیزان وەك سەرەتایەك کاك هێمن بەم شێوەیە دەربارەی هونەرمەند دەدوێت و دەڵێت لەیلا فەریقی خاوەنی ڕێچکەیەکی تایبەتی خۆیەتی بەڵام کام ڕێچکە بۆمان روون ناکاتەوە. کاك هێمن بەڕێز لەیلا فەریقی تاقورگی دڕا لاسایی هونەرمەندی گەورەی کورد نەمر تایەر قۆفیقی کردەوە. ئەمە وەك سەرەتایەك بە پلەی دووهەم لاسایی هایدەو گوگوشی کردەوە کەهەردووکیان گۆرانی بێژی فارسن. دواین بەرهەمەکانیشی ئاوازی عارەبی بە هۆنراوەی کوردی دەچرێت. کاك هێمنی بەڕێز تۆ وەك ڕۆژنامە نووسێك چۆن ڕێگا بەخۆت دەدەیت برام ئەم هەموو ووشە جوانە سەر بڕی یان بیان خنکێنیت کاکی خۆم هونەرو ئەدەب دووشتی پیرۆزن نابێت ئاوا ڕسوایان کەیت.

خوینەری بەڕێز لەپرسیاری یەکەم کاك هێمن داوالە لەیلا دەکات پێناسەیەکی خۆی بکات. فەریقی بەم شێوەیە دێتە وەڵام مرۆڤێکی سادەوساکارم وەك هەر مرۆڤێکی دیکە. لەیلا خان کێ بەم وەڵامەی دەڵێت ئەشەدووم مرۆڤی سادەوساکار نمونەی تۆ لەسەر حسابی بەرپرسانی حکومەتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان لە باشترین ئوتێل دەخەون و دەخۆن و دخۆنەوە بەخۆتوو بە توتکە سەگێکەوە نازوو فیزی دونیا بەسەر باشوریەکان دەکەیت وەك ئەوەی تۆ ڕزگارت کردبن

هونەرمەندی سادەو ساکار ئەوەندە بێ وەفادەبێت بەرانبەر ئەم تەلەفزیۆنەی بۆ یەکەم جار بەخەڵکی کوردی ناساند ئیمڕۆ بۆداوەتی بەرنامەیەك داوای پێنج شەش هەزار ئۆرۆیان لێدەکەی تەلەفزیۆنێك لەسەرخوێنی هەزران شەهید دامەزراوە تائیمڕۆش دەیان کچو کوری گێریلایان لێ شەهید دەبی لەجوانترین تەمن. یان کارت بەوان ناماوە باشوور پارویێکی چەورترە خانم. ئێوەش کوێندەر پاروی چەوری لێبێت ئەوە لەوێن. باوەرم پێ بهێنەلەبەر هێندێ هەلپەرستی نمونەی ئێوە ئەو هونەرمەندانەی بنەمای هونەری بەرگری و هونەری ڕاستە قینەو ڕەسەنیشیان دانا لەم پارچەیەی کوردستان ئیمڕۆ قێزیان لەم بەشەی کوردستان دەبێتەوە.

کاك هێمن لەپرسیاری دووەم دەڵێیت هونەر حەزە. برام هونەر خەز نیە ئەگەر خەز با هەمومان دەبووین بە هونەرمەند هەمومان گۆرانیمان دەچڕی هەمومان شانۆکاردەبووین ئەکتەربازیمان دەکرد شێوەکار دەبووین. دکتۆر ئەندازیار مامۆستا دوکاندار تادەگاتە کەناس هەمووهونەرمەند دەبووین شارویران دەبوو بەبێ نانەواو بەبێ سەرتاشوو بەبێ گۆشت فرۆش دەماینەوە. برام بۆزانیاریت هونەر بەهرەیەکی یەزدانی و سروشتیە لەگەڵ لەدایك بوونی مرۆڤەکان ئەویش لەدایك دەبێت زۆر جاریش هونەر توخمێکی ویراسیە لەبنەماڵەوە واتە لەدایك یان لەباوك بۆ منداڵەکانی دەمێنێتەوە. لەیلای هونەرمەندبەروونی وەڵامی ئەوەی داوەتەوە کەبراکانی خاوەنی ئەم بەهرەیە نین دەنا ئەوانیش هونەرمەند دەبوون جابەرێزم کاك هێمن ئەگەر هونەر تەنها خەز خزۆکێن با یان ئارەزووبا ئەوە هەمومان ستران بێژو شاعرو ئەکتەرباز دەبووین پاشان کاکی ڕۆژنامەوان بۆی هەیە هەرمرۆڤێك تاپلەیەك هەوڵ بدات لەهەرلقێکی هونەر شتێك لەوانەیە فێر بێت بەڵام لەرێژەیەکی سنوردار دەوەستێ چونکە بەهرەوەر نیە بەڵام دەبێت ئەوەباش بزانیت مرۆڤ ئەگەر دەنگی خۆش نەبێت یەزدان ئەم بەهرەیەی پێ نەخشیبێت ئەوە بەهیچ نەشتەرگەریەکیش دەنگی خۆش نابێت. بەڵام برام لەم دیمانەیەت رونوو ئاشکرایە کە ئیمڕۆ لەکوردستان ڕۆژنامەوانیش بووە بە خزم خزمانێ و واسیتەو واسیتەکاری بۆیە ڕۆژنامەوانی نمونەی تۆمان تیاهەڵدەکەوێت کە جیاوازی لەنێوانی بەهرەو حەزوو ئارەزوو ناکات هیشك و تەڕ بەیەکەوە دەسوتێنی بێ ئەوەی نەسەرنووسەری خەبات نەبەرپرسیارێکی ڕۆژنامەکە پێت بڵێت ئەمە پوشکەیە بەسەر برۆتەوە. بەڕیز کاك هێمن تۆ لەپرسیاری چوارەم باس لەجیاوازی بەرهەم دەکەیت لەلایەن لەیلای هونەرمەند برام تۆ واپێدەچی هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ووردی ڕۆژنامەوانی دەربارەی هونەرمەند نازانی ئەگینا ئەم پرسیارە بێ سەروو بەرانە چیە دەیکەیت وەڵامی ئەم پرسیارەت نمونەی ئاسمانی شین روونە لەیلافەریقی بەلاسایی مامە تایەر دەستی پێکرد بەردەوامی دا بەلاسایی چەند ژنەهونەرمەندێکی فارس ئەوەئیمڕۆش لەسایەی ڕاوێژکاری بلیمەتمان کاك هەڵکەوت زاهیر گۆرانی بەم شرە ئاکسانەی کوردی بەعەرەبی دەچڕێت یان سیدێك لەئاوازی عارەبی بەهۆنراوەی کوردی دەچڕێت لەیلا خان کێشکا هەر بەزمانی فارسی گۆرانیت بچڕیبا تۆزێك بێ ئەکسانتر کارەکانت بە ئەنجام دەگەیاند ئەگەر هەر دەتەوێ بەزمانی بێگانە هونەری ڕەسەنی کوردیی و زمانی کوردیی و کولتووری کوردی بەم فەلسەفەو شێوازە هاوچەرخ وتازەگەریەت بەجیهان بناسێنی لە ڕاستی خۆشت و ئەوانەی دیمانەت لەگەڵ ئەنجام دەدەن هەموو خەڵکی کورد بەمەڕ ووماڵات تێدەگەن وادەزانن بە ئارەزووی خۆتان بە ئاوازی شمشاڵەکانتان بۆ هەر دەڤارێك بتانەوێت دەیان بەن. کاك هێمن لەپرسیاری پێنجەم داوا لەهونەرمەند دەکات کە هونەری کوردی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەچی ئاستێك دا دەبینێ لەیلاخان باس لەوەدادەکەیت کە کارە هونەریەکان ئیمڕۆی کوردی لە ئاستی وێرانکاری دابن بەلأم بەڕێزم تۆ سەرقافلەی ئەم وێرانکاریەی بەلأم کەس هەیە بەدۆی خۆی بلێت ترشە. لەیلای بەڕێز بەردەوام دەبێت لە شرۆڤەکانی و دەلێت هونەر مەند دەتوانێ نەخشی سەفیرێکی هەبێت کەبتوانێ باس لە کولتوورو زمانی گەلەکەی خۆی بکات و بەلام بەداخەوە خەلکی ئێمە بەشیوەیەکی تەسك بیر لەهونەر دەکەنەوە پێیان وایە مانەوەمان لەناو کۆمەلگای خۆمان ئەوە خزمەتە بەهونەر بەردەوام دەبێت و دەلێت مۆسیقای کوردی وەك واقیع نەی توانیوە خۆی بناسێنێت بەجیهانی دەرەوە واتە ولأتانانی تر. خوێنەری ئازیز ئێوە دادگاو ئێوەش داد وەر چی سەفیرێکی گۆرانی لە ڕێگای زمانی بێگانەو ئاوازی بێگانەو کولتووری بێگانە هونەری ڕەسەنی گەلەکەی بە خەلکانی تر ناساندووە یان ئەمەش فەلسەفەی هونەری هاودەمە ئێمەی کەتەسك بیر لەهونەر دەکەینەوە جارێ پێی نەگەیشتیین لەسایەی سەری لەیلا خان ئەمە بەم فەلسەفەش ئاشنابووین. خوێنەری ئازیز ئایا کازم ساهیر بەزمانی کوردی و بەئاوازی کوردیی و فارسی ناس ناوی سەفیری وەرگرت یان بەزمانی عارەبی. پاشان خانمی بەڕیز تۆ سەندرێلای شاشەی کوردی بۆواپەلەدەکەیت ببیت بەسەفیر سەفیرەکە بۆ هونەرمەندێکی تر بەجێ بهێلە یان داوابکە بۆ ماوەیەك سکرتێری سەفیری گۆرانی کوردی بیت ئەوەندە بەپەلە مەبە. باشووری کوردستان بۆتۆ چەورە هەر دەیگەیەیت. بەلێ زۆر ڕاست دەکەیت ئەوە لەڕێگای گۆرانیەکی (دویتۆ) لەگەلْ عەلی حەجار گۆرانی کوردی و کولتووری کوردی ڕەسەنوو زمانی کوردی لەڕێگای تەلەفزیۆنەکانی باشووری کوردستان بەکورد دەناسێنی نەوەك بەبێگانە. ئەگەردەتەوێ بەبێگانەمان بناسێنی کۆشش بکە لەتەلەفزیۆنی ڕۆتاناو تەلەفزیۆنی پی ئێم سی و لەشاشەی تیڤیە کەنی ئەورووپا کارەکانت پەخش بکەیت نەوەك لەزاگرۆس و کوردسات و کوردستان تیڤی.

خانمی بەڕێز باس لەوەدەکەیت کە میووزیك ژەنی کورد وەك پێویست ناتوانن یارمەتیت بدەن بەلأم هاوکات خۆت لەم پرۆژەیەی دوایت دا لەگەلْ هونەرمەند هەلکەوت زاهیر ئەلبومێکی لەئاوازی عارەبی بۆ پڕکردیەوە دەتەوێت بەهونەری پلە یەکێش پێمان فرۆشی خانم تۆ ئەگەر ئەوەندە خاوەن هەستی هونەریت و بەدوای ناسنامەی سەفیر دادەگەڕێت چۆن دەبێت هەستت ئەوەندە کوێلەوار بێت نەزانیت ئەم ئاوازانە فریان بەسەر ئاوازی کوردیەوەنیە کەلەوانەیە بەرەو هەلدێرت ببەن. چۆن لەگەلْ میوزیك وانی ئاوهایی کاردەکەیت. خانمی بەڕێز تۆ کەباسی سادەیی و ساکاری خۆت دەکەی لەڕاستی لەمەش فێلمان لێدەکەیت تۆ کەدەگەڕێیتەوە بۆ کوردستان بەخۆتوو توتکە سەگێکی ئەسکاندنافی لەباشترین ئوتێل دادەبدزی ناز بەسەر هەموو باشوریەکان دەکەیت وەك ئەوەی تۆ ڕزگارت کردبن. تۆ ئەوەندە فیزت گەوەرەیە ئەو تەلەفزیۆنەی لە ئەورووپا واتە میدیا تیڤی کە ئیمڕۆ ڕۆژ تیڤی پێدەوترێت کەتۆی ناساند بەخەلکی کورد کانغر ئاسا بازبازێنوو تەراتێنت تیادەکرد ئیمڕۆ بۆ بەرنامەیەکی چەند کات ژمێری داوای پێنج هەزار ئێرۆیان لێدەکەیت ئائەمەیە ساکاریەکەت. خانم دەروونوو سیماو ڕفتاری دەرەوەی مرۆڤ دەبێت یەك ڕووی لەیەك چووبن ئەستەمە گۆلێکی سوور لەکونجی ناخێکی ڕەش شین بێت. یان بەم قسانەت باشووری چەور دەخەلەتێنی. خانمی بەڕێز وەك خۆت دەلێیت هونەر وای لێکردووم وورد بینوو هەستیاربم ئەی نەخواستا ئەگەر هونەر وای لێ نەکردبای چی حەشرێکت بەهونەری کوردی دەکرد لەوەی ئیمڕۆ زیاتر. خانمی هونەرمەند تۆ باسی بێزاری خۆت دەکەیت کەگوایە بەبینینی مرۆڤی بەسالْ چوو یان مندالْ کەکاردەکەن پێیان بێزاردەبی واتە دلْت دەتوزێتەوە تۆئەگەر دلْت بەو ڕوودانەی کۆمەلگاکەت دەتووزێتەوە ئەی چۆن دلْت دێت پارەی ئەم بەدبەختانە بۆئەم کارەبێمانایانەت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلأودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەهەدەر بدەیت. تۆ بۆتازیەکەی مەرزیـــەی نـەمر چەشنی ژنە ئەرقستراتیەکانی ئەورووپا خۆت پیشان دەدا لەکلیپەکەی بۆشت دەرکـــرد بە جلوو بەرگی نـــاو جێگا خەریك بووی لەشت پیشانی بینەر دەدا ئائەمەیە بیری پێشکەوتووخواز خەڵکی کوردوو کۆمڵگاکەش هـەرهـــەمووی بەبیری تەسك لەقەڵەم دەدەیت. لەکۆتای تەنها ئەوەندە بە تۆ بەکاك هێمن دەڵێم لەڕاستی ئەم جۆرە دیمانەو قسە هەلەقوو پەلەقانەی ئێوە لە بێ پرەنسیپی ڕۆژنامەوانی و ڕێزنەگرتن لەووشەولە ڕەوتی هونەر هیج پەیامێکـــی تر ناگەیەنی کاك هێمن لاپەڕەیەك ڕەش دەکات پارەی پێ ەورگریت تۆش ڕیکلامی خۆت بەم نەوە خێر لەخۆ نەدیوەی کورد دەفرۆشی ... .

تێبینی. خوێنەری ئازیز کاتی باس لە کەناس گۆشت فرۆش نانەوادەکەم مەبەستم لەسووکایەتی کـــەردنوو کـــەم کردنەوەی ئەم کارانە نیە لەوەی زیاتر دەمەوێت کەرۆڵی چینەکانی مرۆڤ دەست نیشان بکەم بۆ هەڵسوڕانی شارێك یان وڵاتێك رونتر شار پێویستی بەهەموو بەهرەیەکە نەوەك تەنها هونەرمەند ئەگـــەر چـــــی بەهرەی هونـــــەری لاوانەوەیەکی نازدارانەتری یەزدانی گەورەیە کە بەمرۆڤەکانی دەدات بەڵام ئەرکی هونەرمەندیش لــــەوە دایە ئەم بەهرەیە لەڕێگای خۆشەویستی و دڵ فراوانی و ساکارانەی هەڵسو کەوتی پێشکەش بە خەڵکی خۆی بکــــات نەوەك فیزی دنیایان بەسەر دا بکات. هەموو کارێك لەپێناوی ژیان شەڕەفە ئەگەر کاری ڕەوابێت یاساشکێن نەبێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.